گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/art039.a1899
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 01/03/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 06/05/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/06/2025

# بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین لە تەرازوی مێژوی ئەدەبدا

**ڕزگار عبداللە احمد[1] - هێمن عمر ئەحمەد[2]**
hemin.ahmad@soran.edu.iq - rizgar.ahmad@soran.edu.iq
[1]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، قەڵادزێ، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، مەخمور، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

مێژوی ئەدەب یەکێکە لەو بابەتانەی، کە گرنگییەکی زۆری هەیە لە ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەکدا، چونکە ئەوە مێژوی ئەدەبە بنچینە و بناغەی ئەدەبیاتی نەتەوەیی لەسەر بنیاددەنرێت و سەرەتا و یەکەمین دەقە ئەدەبییەکانی ئەو نەتەوەیەی تێدا دەستنیشان دەکرێت لەگەڵ ئاماژەکردن بەسەرەتای وەرچەرخانە ئەدەبییەکان و ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەی لە سەرەتای هەر قۆناغێکی تازەدا دێنە ئاراوە.

بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین یەکێکە لەکتێبەکانی مێژوی ئەدەبی کوردی، کە بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسیەی کۆمەڵگەی کوردی پێیدا تێپەڕیوە، کۆمەڵێک کێشە و گیروگرفتی تێدایە، بۆ نمونە لە ناوچونی بەرهەمی زۆربەی شاعیر و نوسەرانی کورد و دیارنەبونی کاتی لەدایکبون و مردنیان و دیارنەبونی یەکەمین دەقی نوسراوی کوردی، بۆیە ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی **(بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین لە تەرازوی مێژوی ئەدەبدا)**یە، هەوڵدەدات بەپێی تیۆری نوسینەوەی مێژوی ئەدەب خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ کتێبی (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین) ئەنجامبدات.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەستراوە.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە، تیۆریزەکردنی پرسی نوسەینەوەی زۆربەی کتێبەکانی مێژوی ئەدەبی کوردی لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکانی نوسینەوەی مێژوی ئەدەبی جیهانی نەنوسراونەتەوە، ئەمەش وایکردوە زۆربەی کتێبەکانی مێژوی ئەدەبی کوردی، کۆمەڵێک کێشە و گیروگرفت لەخۆبگرن.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بە وردی لەسەر زۆربەی ڕوانگەکانی تیۆری نوسینەوەی مێژوی ئەدەب لەم کتێبە بکۆڵێتەوە و ئەوە بخاتەڕو، کە ئایا ئەم کتێبە تا چەند پەیرەوی بنەماکانی نوسینەوەی مێژوی ئەدەبی کردوە و کێشە و گرفتەکانی چین. گرنگترین ئەنجامی بەدەستهاتو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەوەی، کە زۆربەی ئەو هەنگاوانەی گیراونەتەبەر لە نوسینەوەی کتێبی (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین) و ناوەڕۆکەکەیدا، بەپێی تیۆرەکانی نوسینەوەی مێژوی ئەدەبن.

**کلیلە وشەکان:** مێژوی ئەدەب، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، شێوازی نوسینەوە، بەراوردی ئەدەبی، سنوربەندی.

# Along the Way Picking Flowers Evaluating in Literary History

**Rizgar Abdulla Ahmed**[1] - **Hemin Omar Ahmad**[2]

[1]Department of Kurdish, College of Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Kurdish, College of Education, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

The history of literature is one of the most important subjects in the literature of any nation, because it is the history of literature that is the foundation of national literature and identifies the beginnings and first literary texts of the nation, with reference to the beginnings of literary transitions and the important changes that occur at the beginning of each new period. This paper entitled Along the Way Picking Flowers, it attempts to conduct a critical reading of Picking Flowers Along Roadside according to the theory of writing the history of literature. Research Approach: This research relies on descriptive analytical approach. what is remarkable here is that the theorization of the issue of writing most of the books of the history of Kurdish literature have not been rewritten in the light of the theories of writing the history of world literature. This has caused most of the books on the history of Kurdish literature to contain a number of problems. This study aims to examine in detail all the theoretical perspectives of writing literary history in this book and present whether this book follows the principles of writing literary history and what are the problems. The most important result of this study is that most of the steps taken in writing the book and its contents are in accordance with the theories of writing literary history.

**Keywords**: history of literature, picking flowers along roadside, boundaries, writing style, Literary comparison.

## پێشەکی

خزمەتکردن بە مێژووی ئەدەبی کوردی بابەتێکی گرنگ و پێویستە، چونکە وێڕای ئەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی زۆر دەوڵەمەند و فراوانە، بەڵام بە ئەندازەی پێوست بایەخی پێنەدراوە و زۆرێک لەو کتێب و کەرەستانەی دەچنە خانەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە و دەکرێت وەکو بەڵگەیەکی گرنگی فەرهەنگی و مەعریفی گەلی کورد لێیان بڕوانرێت تا ئێستاش لە کونجی فەرامۆشیدا پشتگوێخراون. بۆیە هەوڵدراوە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە لایەنێکی پەراوێزخراوی ئەم مێژوە بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و بە خوێنەر و شارەزایان ئەم بوارە ئاشنابکرێت.

- **ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، کە لەژێر ناونیشانی **(بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین لە تەرازوی مێژووی ئەدەبدا)**یە، هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی ئەم کتێبە بەپێی بنەماکانی نوسینەوەی مێژووی ئەدەب.

- **هۆی هەڵبژاردن:** ئەو هەنگاوانەی گیراونەبەر لە نوسینی کتێبی (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین) لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی، ڕێوشوێنی نوسینەوەی مێژووی ئەدەبن، هەروەها لە سەرەتای کتێبەکەدا ئەم کتێبە پێشکەشکراوە بە هەریەک لە عەلائەدی سەجادی، مارف خەزنەدار، سدیق بۆرەکەیی، کە ئەمانە ناوێکی دیاری بواری مێژووی ئەدەبی کوردین و ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوە لە نوسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بو بۆ ئەوەی ویستی ئەوەمان لا دروست ببێت بەشێوەیەکی زانستی بەدواداچونی بۆ بکەین و توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدەین.

- **سنوری توێژینەوەکە:** سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە: لە کتێبی یەکەمی بەرگی یەکەمی کتێبی(بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین).

- **ڕێبازی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەستوە.

- **کێشە و گیروگرفتی توێژینەوەکە:** کتێبی (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین) کتێبێکی مێژووی ئەدەبی کوردییە، بەڵام وەکو لە ناونیشانەکەیەوە دیارە تا نەخوێندرێتەوە نازانرێت یەکێکە لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی، بۆیە لە ڕێگەی ئەم توێژێنەوەیەوە دەمانەوێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە: ئایا تا چەند بنەماکانی نوسینەوەی مێژووی ئەدەبی لەم کتێبەدا پەیڕەوکراوە؟ یاخود دەکرێت وەکو کتێبێکی مێژووی ئەدەبی کوردی لێی بڕوانرێت؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:** لەم کتێبەدا هەندێ بابەتی تازە خراوەتەڕو هەتا ڕاددەیەک سەرنج ڕاکێشن و ویستی ئەوە لای خوێنەر و توێژەر دروست دەکات بچێتە بنج و بناوانیان تا هۆکاری وروژاندنی ئەم بابەتانە بزانێت. باشترین زانینیش ئەو زانینەیە، کە لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستی دەسەلمێنرێت و پێمان دەگات، لەم ڕوانگەیەشەوە بەم ئامانجە هەوڵدراوە بەپێی توانا و بەشێوەیەکی گشتگیر بخرێتە بەر باس و توێژینەوە و دیوە شاراوەکانی بە خوێنەر ئاشنابکرێت. یەکێکیتر لە ئامانج و پاڵنەرەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە بو بە توێژینەوەیەکی زانستی ئەم کتێبە بە خوێنەری کوردی بناسێنرێت، چونکە بەپێی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە تا ئەم کاتە هیچ توێژینەوەیەک لەسەر ئەم کتێبە ئەنجام نەدراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی تایبەت بە تیۆری نوسینەوەی مێژووی ئەدەب، ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخاتەڕو، کە لە کتێبی (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین)دا، تا چەند پەیڕەوی لە بنەماکانی تیۆری نوسینەوەی مێژووی ئەدەب کراوە؟ لەسەر ئەم بنەمایەش خاڵە بە هێز و لاوازەکانی دەخرێتەڕو و ئاماژە بۆ ئەوەش دەکرێت، کە ئەم کتێبە چ مەڵۆیەکی زیادەی زانستی خستوەتە سەر خەرمانی مێژووی ئەدەبی کوردی.

**پرۆگرامی توێژینەوەکە:** بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە (٦) تەوەر پێکهاتوە، کە سەرەتا بە شێوەیەکی تیۆری باباتەکان ناسێنراون و دواتر بە شێوەیەکی پراکتیکی نمونە لە کتێبی بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین وەرگیراوە و شیکردنەوەی بۆکراوە، کە تەوەرەکانیش ئەمانەن:

١. مێژوی ئەدەب چییە؟ ٢. سنوری مێژوی ئەدەب ٣. سەرچاوەکانی مێژوی ئەدەب ٤. شێوازەکانی نوسینەوەی مێژوی ئەدەب ٥. پەیوەندی مێژوی ئەدەب و بەراوردی ئەدەبی

**- توێژینەوەکانی پێشتر:**

١. هەژار ئەحمەد عەبدولغەفور، ڕوانینێکی ڕەخنەیی لەسەر نوسینەوەی مێژوی ئەدەبی کوردی (نامەی دکتۆرا).

٢. موحسین ئەحمەد عومەر، ئەزمونی مێژونوسی ئەدەبی کوردی، گۆڤاری توێژەر.

## دەروازە

بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین کتێبێکە باس لە مێژوی کورد و ئەدەبی کوردی دەکات، کە لەلایەن نەوشیروان مستەفا ئەمینەوە نوسراوە و تا ئێستا پێنج کتێبی بڵاوکراوەتەوە، هەر کتێبێک لەچەند بەرگێک پێکهاتوە، لەم توێژینەوەیەدا تەنیا کار لەسەر کتێبی یەکەم بەرگی یەکەم کراوە، کە ساڵی (٢٠١٢) بڵاوکراوەتەوە لە (٤٧٧) لاپەڕە پێکهاتوە و سێ بەش لە خۆیدەگرێت بەم شێوەیە: بەشی یەکەم بە ناونیشانی (گەڕانەوە بۆ دواوە) یە و لە پێنج تەوەر پێکهاتوە، تەوەری یەکەم تایبەتە بە مێژوی ئەدەب و تەوەری دوەمیش تێکەڵەیەکە لە مێژوی ئەدەبی کوردی و مێژوی کورد، چونکە ئەو بەردە نیگارینانەی خراونەتەڕو هەم وەکو بابەتێکی هونەری و ئەدەبی لێیانڕوانراوە، بۆیە دەچنە چوارچێوەی مێژوی ئەدەبەوە، هەروەها لەلایەکیتریشەوە وەکو کەرەستەیەکی مێژوی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە گوزارشتی مێژوییان لێکراوە، سێ تەوەرەکانی تریش دەربارەی مێژوی گەلی کوردن، ئەمەش ناونیشانەکانیانە:

١. سەرەتاکانی ئەدەبی نوسراوی کوردی

٢. نیگایەکی تر لە بەردە نیگارینەکەی دەربەندی گاور

٣. خوێندنەوەیەکی تری ئاناباس

٤. کورد لە (معجم البولدان) ی یاقوتی حەمەویدا

٥. کورد و جەنگی (٢٠) ساڵەی ڕۆم و عەجەم

بەشی دوەمیش بە ناونیشانی (چەردەیەک لە ئەدەبی میزۆپۆتامیا)یە و بە پێشەکییەوە لە (١١) تەوەر پێکهاتوە، کە بێجگە لە پێشەکی و تەوەری دوەم کە باسی مێژوی سۆمەرییەکانە لەگەڵ تەوەری (١١) لە یاساکانی حەموراپی دواوە، بەڵام (٨) تەوەرەکەی دیکە پەیوەستن بە ئەدەبەوە و لە لاوژە و باڵۆرەکانی گلگامێش دواون، ناونیشانی سەرجەم تەوەرەکانی ئەم بەشە بەم جۆرە دارێژراون:

١. پێشەکی

٢. دەوڵەتی شاری سۆمەری و دەوڵەتی وڵاتی ئاکەدی

٣. وتوێژی ئاغایەک و کۆیلەیەک

٤. لاوژەی لوگالباندا

٥. لاوژەی گلگامێش

٦. لاوژەی گلگامێش و ئاگا

٧. لاوژەی گلگامێش و ئەنکیدو و جیهانی ژێرو

٨. باڵۆرەی سەرکەوتنی سەرجۆن

٩. باڵۆرەی سەرکەوتنی نارام سین

١٠. بالۆرەی سەرکەوتنی ئوتوخیگال
١١. شەریعەتی حامورابی

بەشی سێیەمی بە ناونیشانی (ئەدەبی نوسراوی کوردی)یە، کە لە (١٨) تەوەر پێکهاتوە، تێکڕای ئەم بەشە باسکردنە لە مێژوی ئەدەبی کوردی و لەم تەوەرانە پێکدێت:

١. سەرەتاکانی ئەدەبی نوسراوی کوردی
٢. مەدرەسەی ئەدەبی گۆران
٣. ئایا لەهجەی گۆران زمانی ڕسمی بوە؟
٤. داستانی هۆنراوە
٥. گەشتێ لەگەڵ خانای قوبادی
٦. چەند دیاردەیەکی باو لە مەدرەسەی گۆران
٧. هۆنراوی ویجدانی
٨. گەشتێ لەگەڵ بێسارانی
٩. گەشتێ لەگەڵ وەلی دێوانە
١٠. گەشتێ لەگەڵ تالعی
١١. داستانی دڵداری
١٢. مەنیجە و بێژەن وەکو نمونە
١٣. داستانی جەنگی
١٤. نادرنامە وەکو نمونە
١٥. هۆنراوەی فێرکاری
١٦. گەشتێ لەگەڵ ڕواری
١٧. مەدرەسەی ئەدەبی بابان
١٨. گەشتێ لەگەڵ سالم

ئەوەی لێرەدا خرایەڕو ناساندنێکی دەقاودەقی کتێبەکەیە وەکو خۆی، بۆ بەرچاوڕونی خوێنەر و تێگەیشتن لەوەی، کە بۆچی ئەم کتێبە وەکو کەرەستەی توێژینەوەکە دەستنیشانکراوە.

## بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین لە تەرازوی مێژوی ئەدەبدا

### ١. مێژوی ئەدەب چییە؟

خستنەڕوی پێناسەیەکی تەواو و تێر و تەسەل بۆ مێژوی ئەدەب، کارێکی گران و ئەستەمە، چونکە ئەم بابەتە مشتومڕێکی زۆر هەڵدەگرێت و لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە بۆی ڕوانراوە و لێدوانی جۆراوجۆری لەبارەیەوە دراوە. چونکە ئەو بابەتانە دەچنە چوارچێوەی مێژوی ئەدەبەوە مێژویەکی دێرینیان هەیە، بۆیە زۆربەی ئەو بابەتانە خاوەنی بونیادێکی نادیارن، ئەمەش وایکردوە چەندین دیوی نادیاریان هەبێت، لەم ڕوانگەیەشەوە هەر توێژەر و شارەزایەکی ئەم بوارە بەپێی تێگەیشتنی خۆی پێناسەی بۆ کردوە.

مێژوی ئەدەب دو مانای هەیە: یەکەمیان بریتییە لە: لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان دەقە ئەدەبییەکان و چۆنییەتی گۆڕان و وەرچەرخانیان بە درێژایی زەمەن. دوەم: پەیوەندی دەقەئەدەبییەکان بە چوارچێوە و سنوری مێژوویی خۆیانەوە. ئەدەب لەگەڵ ڕوداوە مێژوییەکان و ژینگەی دەوروبەری دەگۆڕێت، کەواتە ئەدەبە جیاوازەکان لەگەڵ ساتەوەختە مێژوییە جیاوازەکاندا خۆیان دەگونجێنن(محمد الولی، ٢٠١٩: ١٢٨)

لێرەدا هەوڵدەدەین لە ڕوانگە و گۆشەنیگای شارەزایانی ئەم بوارەوە چەند پێناسەیەک بۆ مێژوی ئەدەب بخرێتەڕو، کە لە یەکێک لە پێناسەکاندا هاتوە: "مێژوی ئەدەب ڕاپۆرتێکە لە بارەی دیاردەکانی ژیانی ئەدەبی و ئەنجامە بەردەوامەکانی بە لەبەرچاوگرتنی بەردەوامییەکی مێژویی، کە یارمەتی داهێنانەکانیانی داوە و تایبەتە بە شیکردنەوە لە بارەیانەوە"(احمد سمیعی، ١٣٨٤: ٨) لەم پێناسەیەدا زیاتر سەرنج لەسەر بەردەوامی دیاردە ئەدەبییەکانە، کەواتە بەپێی ئەم پێناسەیەبێت هەر دیاردەیەکی ئەدەبی درێژە نەکێشێت و بۆ ماوەیەکی مێژویی بەردەوامی نەبێت ناچێتە خانە مێژوی ئەدەبەوە.

(محمود فتوحی)، کە یەکێکە لە شارەزایانی ئەم بوارە لە بارەی پێناسەی مێژوی ئەدەبەوە نوسیویەتی، مێژوی ئەدەب بریتییە لە: پیشاندانی کاتی گەشە و پەرەسەندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی سەلیقەی هونەری کۆمەڵگە و شیکردنەوەی فۆڕمە ئەدەبییەکان و ئەو توخم و هێزە ناوخۆییانەی، کە فۆڕمە ئەدەبییەکان پێکدەهێنن(سعید حسام پور، ١٤٠٠: ٤٩٣) کەواتە بەپێی ئەم پێناسەبێت مێژوی ئەدەب گوزارشتە لە دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی گەشە و بەرەوپێشچونی بەرهەمە ئەدەبییەکان.

یەکێکی دیکە لە پێناسەکان بەم جۆرە لە بابەتەکەی ڕوانیوە و وتویەتی: مێژوی ئەدەب هەوڵدەدات تایبەتمەندییە کەسییەکانی بەرهەمی ئەدەبی نوسەرێک یان تایبەتمەندی بەرهەمە ئەدەبییەکانی قۆناغێکی دیاریکراو یان تایبەتمەندی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی یەک نەتەوەی بدۆزێتەوە(احمد خاتمی، ١٤٩١: ٤٣) لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە مێژوی ئەدەب گوزارشتە لە تۆمارکردنی تایبەتمەندی بەرهەمە ئەدەبییەکان.

(دەیڤد پرکینز)یش یەکێکە لە شارەزایانی بواری مێژوی ئەدەب، کە بەم جۆرە پێناسەی مێژوی ئەدەب دەکات و دەڵێت: "گەڕانە بە دوای ڕیشەی مێژویی دەقێک بە مەبەستی زانینی هۆیەکانی پەیدابونی"(منظر سلطانی، ١٣٨٠: ٤٠٨) ئەم پێناسەیە ئەوەمان پێدەڵێت: کە مێژووی ئەدەب بریتییە لە گەڕان بە دوای دەستنیشانکردنی ساتەوەختی نوسرانی دەقە ئەدەبییەکان و ئەو فاکتەرانەی بونەتە پاڵنەر و هۆی بەدیهاتنیان.

یاخود لە پێناسەیەکی تردا دەوترێت: "مێژوی ئەدەب بریتییە لە: بنیادنانی گوتارێک لەسەر فاکتەرە دەرەکییەکانی ئەزمونی ئەدەبی و خوێندنەوە"(موحسین احمد، ٢٠١٩: ٣٤٢) لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە مێژوی ئەدەب بریتییە لە: بەرهەمهێنانی وتاری ڕەخنەیی بە پشت بەستن بە ڕوداوەکانی دەرەوەی دەق و گەڕانەوە بۆ پاشخانی ڕۆشنبیری و زانیارییە کەڵەکەبوەکانی بیری نوسەر.

پێناسەیەکی دیکە گۆڕانە مێژوییەکان دەکاتە بنەمای پێناسەی مێژوی ئەدەب و لەم بارەوە دەڵێت: "نیشاندانی ڕوداوە ئەدەبییەکانە لە ڕێی گۆڕانە مێژوییەکانەوە، کتێبێکە، کە ئەم گۆڕانکاریانە بە وردی و بەش بەش دەگێڕێتەوە"(احمد سمیعی، ١٣٨٤: ٥) ئەوەی لەم پێناسەیەدا بە ڕونی قسەی لەبارەوەکراوە و پێداگیری لەسەرکراوە تۆمارکردنی گۆڕانکارییەکانی ناو کایەی ئەدەبە لەڕێی وەرچەرخانە مێژوییەکان. ئەمانە و چەندین پێناسەی تر بۆ مێژوی ئەدەب نوسراون، کە زۆربەیان گوزارشتن لە گۆڕانی بابەتە ئەدەبییەکان بە تێپەڕبونی کات و هۆکارەکانی سەرهەڵدانیان.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە و شایەنی هەڵوەستەی لەسەر کردنە ئەوەیە، پێویستە مێژونوسی ئەدەب پێناسەیەکی ڕونی هەبێت بۆ مێژوی ئەدەب و بەرچاوی ڕۆشن بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لە بەر ڕۆشنایی ئەو پێناسەیە دنیابینی خۆی دەربارەی بابەتەکە بە خوێنەر ڕابگەیەنێت و ئەو تێگەیشتنەش لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبەکەدا ڕەنگبداتەوە تا بەشێوەیەکی زانستی ورد بنوسرێتەوە.

**(بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین) پێناسەنەکردنی مێژوی ئەدەب:** کتێبی بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین پێناسەی مێژوی ئەدەبی نەکردوە و پەیوەستی کردوە بە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکەوە، کە لەم بارەوە دەدوێت و دەپرسێت: "ئەدەبی نوسراو بە زمانی کوردی لە کەیەوە دەستی پێکردوە؟ مەبەست لە ئەدەبی کوردی چییە؟ بۆ ئەوەی وەڵامێکی دروستی بدرێتەوە ئەبێ بزانین لەو سەردەمەدا ئەدەبی کوردی تا ئێستا، جگە لە شیعر، هیچ دەقێکی پەخشانی نوسراو، دەربارەی هیچ بابەتێکی مێژویی، دیینی، زانستی ... هتد لەبەر دەست دا نییە"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٢٧) بەپێی ئەم تێگەیشتنە، هەتا ئەو کاتەی کتێبەکانی تری مێژوی ئەدەب نوسراون، سەرەتای مێژوی نوسراوی کوردی بەپێی بنەما زانستییەکانی مێژوی ئەدەب نەسەلمێنراوە. لە ڕوانگەی ئەم کتێبەوە لەگەڵ دەرکەوتنی ئەدەبی نوسراو بە زمانی کوردی مێژوی ئەدەبی کوردی دەستپێدەکات و پەیوەستیشە بە ژانرە ئەدەبییەکانی تری وەکو پەخشان و بابەتە جۆراوجۆرەکانی تر، کە بە شیعر نەنوسراون وەکو مێژو و زانست و ئایین ... هتد.

پێناسەنەکردنی مێژوی ئەدەب لەم کتێبەدا یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی، چونکە پێناسە گوزارشتە لە ڕوحی بابەتەکە و لە ڕێگەی پێناسەوە دەتوانرێت بابەتە جۆراوجۆرەکان لەیەکتری جیابکرێنەوە و پۆلێن بکرێن و بناسرێنەوە.

**٢. دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەب:** دیاریکردنی سنورێک لە لێکۆڵینەوەی مێژوی ئەدەبدا گرنگییەکی زۆری هەیە و کارێکی گران و ئاڵۆزە، هەر لەبەر ئەمەشە توێژەرانی ئەم بوارە بە چاوێکی پڕ بایەخەوە لێیان ڕوانیوە و هەڵیانداوە بە چەند ڕێگایەکی جیاواز چارەسەری ئەم گرفتە بکەن، چونکە دەستنیشانکردنی سنوری مێژوی ئەدەب "پێویستی بە لێزانی و ئاگادارییەکی باش هەیە سەبارەت بە چوارچێوەی جوگرافیای ئەو ئەدەبە و ناوەڕۆک و تایبەتمەندییە فۆڕمییەکانی"(هەژار ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٠٧) کەواتە کارامەیی و لێزانی و شارەزایی لە بوارەکانی جوگرافیای ئەدەب و ناوەڕۆک و ڕوخسار و قاڵبی ئەدەبی نەتەوەیی فاکتەرێکی بەهێزە بۆ دەستنیشانکردنی سنوری مێژوی ئەدەب.

**شێوازەکانی دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەب لە کتێبی (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین)دا ئەمانەن:**

**١,٢. دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەب بەپێی سنوری جوگرافی:** ئەم کتێبە ئاماژەی بە سنوری جوگرافی مێژوی ئەدەبی کوردی کردوە و لەم بارەوە دەڵێت: "لە گێڕانەوەی چیرۆکی تۆفاندا، کە بەشێکی سەرەکی داستانەکەیە، کەشتی دەربازبونی مرۆڤ لەسەر کێوی (نیسیر) گیرساوەتەوە، بە وتەی هەندێ زانا لەوانە تەها باقیر کێوی (نیسیر) شاخی (پیرەمەگرون)ە، پیرەمەگرون یەکێ لە چیاکانی قەزای دوکانی پارێزگای سلێمانییە... لە زمانی کوردی دا تا ئێستاش وشەگەلی (نسێ) و (نسار) و (نزار) بۆ شوێنی فێنکی شاخ کە خۆر نایگرێتەوە بەکاردێ"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٣٠) وەکو دیارەکتێبەکە ئاماژەی بۆ ناوەڕۆکی لاوژەیەکی گلگامێش کردوە، کە باسی کێوی نیسیرینی کراوە و بە پشت بەستن بە قسەی مێژونوسان دەڵێت: مەبەست لە چیای پیرەمەگرونە، ئەمەش گوزارشتە لە دەستنیشانکردنی سنوری مێژوی ئەدەبە بەپێی سنوری جوگرافی و گێڕانەوەی مێژوی ئەدەبی نوسراوی کوردیشە بۆ سەردەمێکی دێرینتر و تاتە قورینەکانی گلگامێش.

**٢,٢. دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەب بەپێی ژانرە ئەدەبییەکان:** ژانرە ئەدەبییەکان یەکێکی دیکەن لە ڕێگەکانی دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەب. لەبەرئەوە (ڕالفا کوهین) پێشنیار کردوە مێژوی ئەدەب بەپێی ژانرە ئەدەبییەکان

پۆلێنبکرێت، ئەم جۆرە پۆلێنەش تیشک دەخاتە سەر گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکان و لەم ڕوانگەیەوە دەقە ئەدەبییەکان شیدەکاتەوە، لەم شێوازەدا دەتوانرێت بە دورودرێژی لە چوارچێوەی خودی ژانرە ئەدەبییەکاندا لێکۆڵینەوە لە سەردەم و پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی هەر دەقێک بکرێت(ناصر قلی، ١٣٩٢: ٣٠) چونکە مێژوی ئەدەب لە هەر بارودۆخێکدا لە بەرهەمە ئەدەبییەکان و شێواز و جۆر و پەیوەندی نێوانیان دەکۆڵێتەوە، واتە لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە لە ڕوی پێکهاتەوە و لە ڕێگەی ڕیزبەندی نێوانیانەوە مێژوی ژانرە ئەدەبییەکان تۆماردەکات(سید حسین سیدی، ٢٠١٠: ١٠٨)

هەر ئەمەش وایکردوە، زۆر جار ئەم شێوازەی بەکارهێنانی جۆرە ئەدەبییەکان و گۆڕانکارییەکانیان بەپێی کات و شوێن وەکو چوارچێوەیەک بەکار دەهێنرێت، بۆ نوسینەوەی مێژوی ئەدەب(هەژار ئەحمەد، ٢٠١٣: ٩١) لەو ڕوانگەیەوە، کە زۆر جار لەگەڵ گۆڕانی قۆناغە مێژوییەکان گۆڕانکاری لە ژانرە ئەدەبییەکانیشدا دێتە ئاراوە و دەبێتە هۆی مردنی ژانرێکی ئەدەبی و لەدایکبونی ژانرێکی نوێ، بەڵام گۆڕانی ڕواڵەت و فۆڕمی جۆرە ئەدەبییەکان بە تەنیا بەس نییە بکرێتە بنەما، چونکە "مەرج نییە بە تەنیا بە سەرنج خستنە سەر تایبەتمەندییە فۆڕمییەکان بتوانین ڕەوتی گەشەسەندن و سەرهەڵدانی جۆرە ئەدەبییەکان دەست نیشان بکەین، چونکە هەندێ سەردەم ئەوە ناوەڕۆکەکان بون بە جۆرێک لە جۆرەکان بە دوای فۆڕم و شێوازێکی نوێ لە دەربڕینەوە بون"(عبدالحسین زرین کوب، ١٣٨١: ٤١) کەواتە دەکرێت بوترێت: ناوەڕۆکیش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە وەرچەرخانە ئەدەبییەکاندا و لە هەندێ قۆناغدا هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ژانری نوێیە.

کتێبی بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین نەهاتوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی دابەشکاری ئەدەبی کوردی بکات، بەپێی ژانرە ئەدەبییەکان، بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەڵێت: "ئەدەبی کوردی تا ئێستا، جگە لە شیعر، هیچ دەقێکی پەخشانی نوسراو، دەربارەی هیچ بابەتێکی مێژویی، دینی، زانستی ... هتد لەبەر دەستدا نییە" (نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٢٧) لێرەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هۆکاری دیارینەکردنی مێژوی ئەدەب بەپێی ژانرە ئەدەبییەکان، دەگێڕێتەوە بۆ نەبونی ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکانی تر بێجگە لە شیعر.

**٣,٢. دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەب بەپێی شاکارە ئەدەبییەکان:** هەندێ جار لە مێژوی ئەدەبدا سنوری مێژوی ئەدەب بەپێی شاکارە ئەدەبییەکان دیاری دەکرێت، کە لەم بارەوە دەوترێت: "بابەتەکانی مێژوی ئەدەب ئەو شاکارانەن، کە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی ئەو نەتەوەیەدا بە شاکار هەژمار کراون"(احمد سمیعی، ١٣٨٣: ١٥٩) بۆیە دەکرێت بەپێی شاکارە ئەدەبییەکانیش سنوری مێژوی ئەدەب دەستنیشان بکرێت.

**دیاریکردنی شاکاری گلگامێش بە سەرەتای ئەدەبی نوسراوی کوردی:** ئەم کتێبە سەرەتای مێژوی نوسراوی کوردی دەگێڕێتەوە بۆ تاتەقوڕین و لاوژە و باڵۆرەکانی گلگامێش، کە ئەم لاوژە و باڵۆرانە وەکو یەکەمین شاکاری ئەدەبی کۆمەڵی مرۆڤایەتی سەیردەکرێن، کە لەم بارەوە دەڵێت: "مەبەستم ئەوەیە سەرنجی کورد، بەتایبەتی زانا ئەکادیمییەکانی ڕابکێشم بۆ گەنجینەی دەوڵەمەندی ئەو کەلەپورە زۆرەی میزۆپۆتامیا، کە بەشێکی هی خۆیەتی و بەشێکی پەیوەندی بە مێژوی ڕابردوی ئەوەوە هەیە، پاشماوە و شوێنەوارە دێرینەکانی لە ناوچە شاخاوییە سەختەکانی کوردستاندا دۆزراونەتەوە، کە زیاتر لەوەی نیشانەی پەیوەندی (داگیرکەر) و (داگیرکراو) بێ، نیشانەی پەیوەندی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی نێوان گەلەکانی دانیشتوی کوردستان و گەلەکانی سۆمەری و ئاکەدی و بابلی و ئاشورییە"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٦١) کەواتە بەپێی ئەم بۆچونە باوباپیرانمان بەشداربون لە پێکەوەنانی گەنجینە و کەلەپوری میزۆپۆتامیا و دەکرێت تاتە قوڕینەکان بە سەرەتای ئەدەبی نوسراوی کوردی دەستنیشان بکرێن، سەرەڕای ئەوەش پشت

بە کۆمەڵێک سەرچاوە و بەڵگە بەستراوە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونە، بەڵام ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد تر و بەڵگەی ڕونتر هەیە، تا ئەم بابەتە وەکو دەسپێکی ئەدەبیاتی نوسراوی کوردی بچەسپێنرێت.

هەر لە درێژەی ئەم بابەتە و خستنەڕوی بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە دەڵێت: "شوێنەوارناسانی ئەوروپی و ئەمریکایی سەدان تێکستی کۆنی سۆمەری، ئاکەدی، بابلی، ئاشوریان ساخ کردوەتەوە و لە زمانە ئەسڵییە مردوەکەی خۆیەوە تەرجومەیان کردوە بۆ زمانە زیندوەکانی دونیا و دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نوسیوە، لەناو ئەواندا دەیان بابەتیان پێوەندیان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو سەردەمەی کوردستاندا هەیە"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٧٢) ئەمەش گوزارشتە لەوەی، کە بەشێک لە ئەم نوسراوانە پەیوەندیدارن بە مێژو و مێژوی ئەدەبی کوردییەوە.

قسەکردن لەبارەی ڕەچەڵەکی کورد دوا باسی ئەم بابەتەیە، کە لەم بارەوە نوسراوە: "گوتیەکان یەکێکن لەو گەلانەی نەتەوەی کوردی ئێستایان پێکهێناوە"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٧٢) مێژوی گۆتییەکان زۆر دێرینە و لە ناو لاوژە و بالۆرەکانی گلگامێشدا ناویان هاتوە، کە لەبارەی مێژوی ژیانیانەوە دەوترێت: "لە سێیەمین هەزارەی پێش زایینەوە، کە لە میزۆپۆتامیا سۆمەرییەکان نوسینیان لەسەر قوڕ، چ بە وێنە و چ بە خەت داهێنا، ناوی (گوتی) لەناو ڕوداوەکانی ناوچەکەدا لە ناو گێڕانەوەی ئەفسانە و چیرۆک و لاوانەوە و شیعری سۆمەری و ئاکەدی بابلی ئاشوری دا هاتوە"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٧١) بەم پێیە گوتییەکان ڕۆڵیان هەبوە لە ناوچەکەدا و بەشدار بون لە ڕوداوە مێژوییەکانی ئەو کاتدا، خستنەڕوی ئەم بابەتانە و گرێدانی کورد بە گوتییەکانەوە ئەوە ڕوندەکاتەوە، کە ئەم کتێبە دەیەوێت لە ڕێگەی ناوی گوتییەکانەوە سنوری مێژوی ئەدەبی کوردی دەستنیشان بکات و تاتەقوڕینەکان بە یەکەم دەقی نوسراوی کوردی دابنرێت.

**٢. ٤. دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەب بەپێی بڵاوکردنەوەی شاکارە مێژوییەکان:** بڵاوکردنەوەی کتێبێکی مێژو کورد وەکو یەکێک لە بابەتەکانی دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەبی نوسراوی کوردی دەستنیشان دەکات و دەڵێت: "مەبەست ئەوە نییە، کە خودی کتێبی شەرەفنامە دابنرێ بە وێستگەی جیاکردنەوەی قۆناغەکانی پێش و پاش سەرهەڵدانی ئەدەبی نوسراوی کوردی، بەڵکو ... شەرەفنامە بەڵگەیەکی گرنگە بۆ نەبونی ئەدەبی نوسراو بە زمانی کوردی پێش ساڵی ١٠٠٠ک، بە واتایەکی تر ئەدەبی نوسراوی کوردی بە هەمو لەهجە جیاوازەکانییەوە دوای ئەو مێژوە سەریهەڵداوە"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٣٥) هەرچەندە لێرەدا نوسراوە مەبەستی ئەوەنییە بکرێتە خاڵی جیاکردنەوەی ئەدەبی نوسراو، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە ئەدەبی نوسراو دوای ئەو مێژوە دەستی پێکردوە، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە مێژوی بڵاوکردنەوەی شەرەفنامە وەکو سنوری مێژوی ئەدەب دەستنیشانکراوە.

دەربارەی دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەبی کوردی، ئەم کتێبە بە شێوازێکی جیاوازتر لە مێژونوسانی تری ئەدەبی کوردی، بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک بەڵگە، سەرەتای ئەدەبی نوسراوی کوردی گێڕدراوەتەوە بۆ تاتەقوڕینەکانی میزۆپۆتامیا و قوتابخانەی ئەدەبی گۆران و سنوری جوگرافیا و بڵاوبونەوەی شەرەفنامە، کە کتێبێکی مێژویی کوردییە.

**٢. ٥. دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەب بەپێی زمان:** زمان یەکێکی ترە لەو کەرەستە گرنگانەی، کە بۆ دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەب پشتی پێ دەبەسترێت، کە لەم بارەوە دەوترێ: "کاتێک، کە باس لە ئەدەبی نەتەوەیی دەکرێت یەکسەر باس لە زمان دەکرێت و هەوڵدەدرێت، کە زمان وەک ئامرازێک بۆ جیاکردنەوە و کێشانی سنوری نێوان ئەدەبەکان بەکاربێنین"(هەژار ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٠٧) لەبەرئەوە زمان ڕۆڵێکی بنچینەیی هەیە لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا.

**٢. ٥. آ. دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەب بەپێی زمانی کوردی:** بە پشت بەستن بە شیکردنەوەی هەندێ ناو لە نێو لاوژەی گلگامێش ،لە ڕوانگەی زمانەوە سنوری مێژوی ئەدەب دەستنیشانکراوە، کە لەم بارەوە نوسراوە: "گل – گامێش،

خۆی (گا) بوە، لە دایکەوە کوڕی (خاتو مانگا)یە، یەکێ لە نەبەردییە گەورەکانی لەگەڵ گای ئاسمان بوە، لە چەندین شوێن باسی گا کێوی کراوە، لە زمانی کوردیدا تا ئێستاش وشە گەلی گا، جوانەگا، گاجوت، گامێش، مانگا، بۆ جۆرێ لە گیاندار و وشەی گا بۆ نیشانەیەک لە گەورەیی، وەکو گا کۆتر – کۆتری گەورە، گا بەرد – بەردی گەورە، گاتو – توی گەورە، بەکاردێ"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ١٥٦) وەکو دیارە لێرەدا قسە لەسەر هەندێ ناوی ناو لاوژەکە کراو، کە گرێدراون بە هەندێ ناو لە زمانی کوردیدا، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە ویستی ئەوە هەیە لە ڕێگەی زمانەوە سنوری مێژوی ئەدەبی کوردی دیاری بکرێت و مێژوی ئەدەبی نوسراوی کوردیش ببەستێتەوە بە گلگامێشەوە.

**٢. ٥. ب. دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەبی کوردی بەپێی دیالێکتەکانی زمانی کوردی:** هەر لە چوارچیوەی زماندا سنوری مێژوی ئەدەبی کوردی بەپێی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دیاریکراوە، کە لەم بارەوە وتراوە: "هۆزە سەرەکییەکانی کورد لەو بارەوە کە شێوەی ئاخاوتن و هێندێک ئاکار و داب و دەستور و هەڵسوکەوتیان لێک جیاوازە ... دەکرێن بە چوار بەشەوە. یەکەم: کرمانج. دوەم: لوڕ. سێیەم: کەلهوڕ. چوارەم: گۆران"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٣١) هەروەها دەربارەی سنوری جوگرافیای قوتابخانەی گۆران دەڵێت: "بەپێی لێکۆڵینەوەی شوێنی لەدایکبون و ژیانی ئەو شاعیرانەی بە لەهجەی گۆران شیعریان داناوە، ئەشێ جوگرافیای شیعری گۆران بە (٣) گۆشەی کرماشان – سنە – کەرکوک دیاری بکرێ"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٣٠) بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە و بەپێی ئەو دابەشکارییە لێکنادرێتەوە بەزاندنی ئەو سنورەیە، کە قسەپێکەرانی دیالێکتی گۆران تێیدا نیشتەجێ بون. کە لەم بارەوە نوسراوە: "ئەوانەی بە هەورامی شیعریان هۆنیوەتەوە لە ناوچەیەکی فراواندا دەبینرێن، کرماشان، هەورامان، سنە، سلێمانی، گەرمیان، کەرکوک و تیرەکانی جاف، زەنگەنە، هەمەوەند، جەباری"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٣٨) کەواتە بەپێی زانیارییەکانی ئەم کتێبە قوتابخانەی گۆران لە سنورێکی دیاریکراودا شیعری پێ نەنوسراوە و پەلی هاویشتوە بۆ سنوری دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی و ئەو سنورانەی تێکشکاندوە، کە بۆی دیاریکراوە.

**٢. ٦. دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەب بەپێی نوسەرە گەورەکان:** چونکە نوسەرە گەورەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە وەرچەرخانە ئەدەبیەکاندا، بۆیە "نوسینەوەی مێژوی ئەدەب لەسەر بنەمای نوسەرە مەزنەکان ... یەکێکە لەو ڕوانگانەی، کە ئامادەیی هەیە و زۆر کەسیش لەم بوارەدا کاریان لەسەر کردوە"(هەژار ئەحمەد، ٢٠١٣: ٩٣) بۆنمونە لە ئەدەبی کوردیدا، کە باسی ئەدەبی نوێ دەکرێت لە کرمانجی خواروداڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ گۆران دەکرێت. ئەمانە چەند بۆچونێک بون لە دەستنیشانکردنی سنوری مێژوی ئەدەبدا، کە دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت و بکرێن بە بنەما، بەڵام بەپێی بارودۆخی تایبەت و هەلومەرجی جیاوازی مێژوی ئەدەبی گەلان دەکرێت پەنا بۆ ڕێگە چارەی تریش ببرێت.

**ڕەخنەگرتن لە دانانی باباتاهیر وەکو نوسەرێکی دیار بە سەرەتای ئەدەبی نوسراوی کوردی:** دەربارەی دیاریکردنی سنوری مێژوی ئەدەبی کوردی و یەکەم تێکستی نوسراوی کوردی ڕەخنە لەو مێژونوسانەی ئەدەبی کوردی دەگرێت، کە چوارینەکانی باباتاهیریان بە سەرەتای ئەدەبی نوسراوی کوردی داناوە و لەم بارەوە نوسراوە: "وشەکانی باباتاهیر، کە لە ڕوباعییەکانیدا بەکاری هێناو زۆر لە کوردی ناچن، ئەوانەشی، کە لە کوردی دەچن یا نزیکن لە کوردییەوە ئەوانەن، کە هاوبەشن لەگەڵ زمانی فارسی. جگە لەمانە گۆڕینی سەرچاوەکانی وشە بۆ کردار، لەگەڵ ڕێزمان هیچ کام لە لەهجەکانی کوردی ناگونجێن. تەنانەت ئەگەر ساغ بوەوە کوردە و چوارینەکانیشی هەموی کوردی بن هێشتا گرنگی ئەوتۆی بۆ ئەدەبی کوردی نییە، چونکە:

یەکەم: دابڕانێکی درێژ و قوڵ لە نێوان ئەو و شاعیرانی کوردی دوای ئەودا هەیە.

دووەم: هیچ کاریگەرییەکی باباتاهیر لەسەردەمی خۆی و لە سەردەمی دوای ئەویشدا لە ئەدەبی ئاینی یارسان و لە ئەدەبی گۆڕاندا بەدیناکرێ، بە تایبەتی لە ڕوی:

لاسایکردنەوەی قاڵبی شیعرەکانی، کە ڕوباعییە و لە بەحرەکانی عروزە.

لاسایکردنەوەی زمانی هۆنینەوەی شیعرەکانی، کە بە لەهجەی گۆران نییە.

پێناچێ هیچ کام لە شاعیرانی هەورامان باباتاهیریان خوێندبێتەوە یا بیستبێتی، لە کاتێکدا کاریگەری شاهنامەی فیردەوسی، خەمسەی نیزامی گەنجەوی، مەسنەوی مەعنەوی مەولانای ڕۆمی، دیوانەکانی حافزی شیرازی و سەعدی و ... هتد، لە ئەدەبی گۆراندا دیار و بەرچاوە"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٢٩- ٢٣٠) لەو ڕوانگەیەوە چوارینەکانی باباتاهیر کاریگەریان لەسەر شاعیرانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی دروست نەکردوە و شاعیران لاسایی شێوازی ئەویان نەکردوەتەوە و وەکو ڕابەری قۆناغێکی مێژوی ئەدەبی کوردی و دیالێکتی گۆران دەرنەکەوتوە، بۆیە لە ڕوانگەی ئەم کتێبەوە کارێکی گونجا و لۆژیکی نییە چوارینەکانی باباتاهیر وەکو یەکەمین تێکستی نوسراوی کوردی سەیربکرێن، چونکە سنوری مێژوی ئەدەب بەپێی بەرهەمە ئەدەبییە کاریگەرەکان دەستنیشان دەکرێت.

**٣. سەرچاوەکانی مێژوی ئەدەب:** سەرچاوەکانی مێژوی ئەدەب دابەش دەکرێن بۆ سێ جۆر، کە ئەمانەن: یەکەم: ئەو سەرچاوانەی، کە وەکو کتێب لە ئارا دا بون. دوەم: گەڕان و پشکنینی خۆی و وەدواکەوتنی مەسەلەکان و دۆزینەوەی بەڵگەی مێژویی. سێیەم: دەست نوسەکان(هەژار ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٩٨) بێجگە لە ئەو سێ جۆرە سەرچاوانە پشت بەستن بە هەر سەرچاوەیەکی تر، کە بە بەڵگەی زانستی پشتڕاست نەکرابێتەوە لێکۆڵینەوەکە ئاڕاستەیەکی نازانستی وەردەگرێت و بابەتییەت لەدەستدەدات و وەکو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی هەژمار ناکرێت.

متمانە لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا گرنگە و مێژونوس پێویستە هەوڵی بەدەستهێنانی بدات، کە ئەمەش بە هەڵبژاردن و خستنەڕوی ئەو سەرچاوانە فەراهەم دەبێت، کە نوسەر پشتیان پێ دەبەستێت، بۆیە پێویستە نوسەر بەدوای سەرچاوەی باوەڕپێکراودا بگەڕێت و خۆی بەدوربگرێت لەو سەرچاوانەی جێگای گومانن. لەم ڕوانگەیەشەوە، کە مێژوی ئەدەب پێویستی بە سەرچاوەی ساغکراوە هەیە تا پشتی پێببەستێ، لەبەرئەوە ئەرکی مێژونوسی ئەدەب قورستر دەبێت.

ئەو سەرچاوانەی ئەم کتێبە پشتی پێبەستون، بۆخۆی لە پێشەکیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، کە چەند جۆر سەرچاوەی بەکارهێناوە، بۆیە بەپێی ئەو سەرچاوانەی لە کتێبەکەدا بەکارهێنراون، لێرەدا پۆلێنیان دەکەین بۆ چەند جۆرێکی جیاواز، کە ئەمانەن:

**ئەو جۆرە سەرچاوانەی لەم کتێبەدا پشتیان پێبەستراوە:**

**٣. ١. کتێبی کوردی:** کۆزان محمد احمد، کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دوەمی پ. ز. دا، چاپی دوەم، بکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٤١- ١٨٧.(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢١)

**٣. ٢. کتێب و لێکۆڵینەوەی عەرەبی:** طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، دار الوراق، بيروت، ٢٠٠٩، ص ٤٠١ – ٤٠٦، (بە عەرەبی) (نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٠)

**٣. ٣. کتێبی ئینگلیزی:** هەمان سەرچاوە بە زمانی عەرەبی (نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٧)

Xenohon, The Persian expedition, Translated by Rex warner, Pengwin Books, 972.

**٣. ٤. کتێب و لێکۆڵینەوەی فارسی:** م. دیاکونوف، تاریخ ماد، ت: کریم کشاورزی، شرکت انتشارات علمی و فرهنگ، تهران، ١٣٤٥. ص ١٠٤، بە فارسی دایاکونوف، ل ١٠٨. (نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٠)

٣. ٥. **دیوانی شاعیرانی کوردی:** دیوانی بێسارانی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی حەکیم مەلا ساڵح، سەنەندوج، ١٣٧٥. (نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٤٣)

٣. ٦. **کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی:** د. مارف خەزنەدار، مێژوی ئەدەبی کوردی، ل ٣١٧- ٣٣٦. (نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٨١)

٣. ٧. **فەرهەنگە کوردییەکان و گەڕانی مەیدانی:** بەشێکی تر لە سەرچاوەکان پێکهاتون لە فەرهەنگی کوردی، کە بۆ ڕونکردنەوەی زاراوەکان پشتیان پێ بەستراوە، لەم بارەوە نوسراوە: "هەمو ئەم وشانەی لەم بابەتەدا بەکارمهێناون، ئەگەر بۆ هەندێ خوێنەر  نەناسراو، یا نەبیستراو، یا نائاشنا، بوبن، لە کۆتایی بابەتەکەدا هەوڵمداوە، بە ناسینیان بدەم، بۆ ئەوەی بچمە بنجوبناوانی وشەکەش فەرهەنگەکانی: شێخ محەمەدی خاڵ، مەعروف قەرەداخی، گیوموکریانی، هەژاری موکریانیم پشکنیوە و ئەگەر لەوێدا نەدۆزرابنەوە لە خەڵکی پەیوەندی داری ناوچەکانیم پرسیوە"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٦٣) کەواتە لە دەرەوەی کتێب و سەرچاوەکان لەم کتێبەدا پشت بە وتە و ڕونکردنەوەی خەڵکیش بەستراوە وەکو سەرچاوە.

٣. ٨. **لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسەکان:**

آ. المهندس الدكتور سوسة، اعمد، تاريخ حضارة وادي الرافدين في ضوء مشارع الري الزراعية و المكتشفات الاثارية و المصادر التاريخية، الجزء الاول، دار الحرية للطباعة، سنة الطبع ١٩٨٣، ص ٢٠٩ – ٢١١، (نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ١٠٦)

ب. الدكتور خليل سعيد، معالم مين حضارة وادي الرافدين، منشورات كلية الادب و علوم الانسانية، بالدار البيضاء، ١٩٨٤، (نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ١٨٨)

ج. Gurney, Anatolian Studies, p5,1955, (نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ١٨٦)

٣. ٩. **دەستنوس:** ئەم کتێبە ناوی چەند دەستنوسێکی خستوەتەڕو، بەڵام ئەوەی باسنەکردوە، کە دەستی پێیان گەیشتبێت و وەکو سەرچاوە بەکاری هێنابن. بۆنمونە لەم بارەوە دەڵێت: (٢١) دەستنوسی کوردی و فارسی سەبارەت بە کورد لە کتێبخانەکانی بەریتانیادا، ئەنوەر سوڵتان،  چاپی کتێبی ئەرزان، سوید، ١٩٩٧، (نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٤٩)

٣. ١٠. **ئینسکلۆپیدیا:** ئینسکلۆپیدیا بریتانیکا، ب١١، بابەتی (شارستانیەتی میزۆپۆتامیا)، ل ٩٧٤- ٩٨٧، (نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٧٢)

٣. ١١. **ڕۆژنامە:** ڕۆژنامەی کوردستان، چاپی تاران، ژمارەکانی ساڵانی ١٩٥٩ – ١٩٦١. (نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٤٤)

**٤. شێوازەکانی نوسینەوەی مێژوی ئەدەب:** نوسینەوەی مێژوی ئەدەب چەند شێوازێکی جیاوازی هەیە، کە دەتوانرێت سودیان لێ وەربگیرێت، لەم چوارچێوەیەشدا هەندێ شێوازی دیار هەن، کە ئەمانەن: "میتۆدی تەکوینی، بەرانبەری، ئەرکی، گشتی و بابەتی هەروەها پشتبەستن بە ڕوانگە باوەڕییەکان، پێوانە جوانیناسییەکان، ڕەگەزە زاڵەکان، فۆڕم و شێوازە ئەدەبییەکان"(حسين ذوالفقاری، ١٣٨٥: ١٣٦) لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر شێواز هەیە بۆ نوسینەوەی مێژوی ئەدەب، بەڵام ڕۆڵی نوسەر زۆر گرنگترە، چونکە "دیاریکردنی شێوازی نوسینەوەی مێژوی ئەدەب پەیوەستە بە هزر و بیری نوسەرەکەوە، کە دەیەوێت چ شتێک دەربخات و ڕەوتی مێژوەکە لە ناو کامە کۆنتێکستدا دەربخات"(هەژار ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٠٣)کەواتە دەتوانرێت بوترێت: لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا ئەوە نوسەرە دەتوانێت ئاڕاستەی

شێوازی نوسیەنەوەکە بەرەو زانستی بون یان نازانستی بون بەرێت. هەروەها سەلیقە و وردی نوسەریشە وادەکات شێوازێکی جوان و گونجاو بەپێی جۆر و چۆنییەتی لێکۆڵینەوەکان هەڵبژێرێت. دەستنیشانکردنی شێوازی نوسینەوەی مێژوی ئەدەب، پەیوەندیدارە بە ڕەنگدانەوەی ڕوانگە و تێگەیشتن و بیری نوسەر بۆ بابەتەکە و ئامانجی نوسەر ڕونکردنەوە و خستنەڕوی کام دەق و بابەتەیە؟

دیاریکردنی بابەتی جێی سەرنجی نوسەر لەوکارەدا، کە ئەنجامی داوە یارمەتی دەرە بۆ درککردنی شێوازی نوسەرەکە لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا. لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانرێت لە نوسینی کتێبی (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین)دا ئاماژە بۆ چەند شێوازێک بکرێت، کە دیدی ڕەخنەیی و نەفەسی مێژونوسی دیارترین و بەربڵاوترین شێوازن لەم کتێبەدا.

- **شێوازەکانی نوسینەوەی بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین**

**نیگار و دەق تەوەری:** یەکێک لە شێوازە زاڵەکانی بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین (دەق و نیگار) تەوەرییە، بە تایبەت لە بەشی داستانی (گلگامێش)دا، بە تەوای دەقی داستانەکە کراوەتە تەوەری سەرەکی نوسینەوەی مێژوی ئەدەب. ئەوەی جێگای سەرنجە و کراوە بە چەقی بابەتەکە بەردە نیگارینەکان و لاوژە و بالۆرەکانی داستانی گلگامێشن لەگەڵ لێکدانەوە و شیکردنەوەیان و خستنەڕوی کۆمەڵێک بەڵگە و دکیۆمێنت، لەسەریان لە پێناو دەرخستنی لایەنە لێڵ و شاراوەکانی ناو بەردە نیگارین و لاوژە و بالۆرەکان، هاوکات لە هەندێ جێگەدا گرێدانی ئەو لاوژە و بالۆرانە بە بەردە نیگارینەکانی دەربەندی گاور و بەردەنیگارینەکانی تر، کە کەوتونەتە سنوری جوگرافیای کوردستانی باشور و ڕۆژهەڵات بەتایبەتی. ئەم کارەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە بەمەبەستی دەرخستنی بەشێک لە مێژوی ئەدەب و مێژوی شاراوەی کورد ئەم شێوازە پەیرەوکرابێت.

٤. ١. **نیگار تەوەری:** کاری هونەری و نیگاری سەر تاشە بەردەکان دەچنە خانەی مێژوی ئەدەبەوە، چونکە هەندی لە مێژونوسانی ئەدەب، بەرگری لە بیرۆکەی هاوسەنگی نێوان مێژوی ئەدەبی و مێژوی هونەر و بیر دەکەنەوە. کە ڕەوایەتی دەدەن بەوەی لە یەک کاتدا مێژوی ئەدەب یان مێژوی هونەر و بیر بەکاربهێنرێت(ناصر قلی، ١٣٩٢: ٨٩ – ١٠٨) لەم ڕوانگەیەشەوە لە کتێبی بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین دەقی ئەدەبی و نیگارە هونەرییەکان بە هاوسەنگی باسکراون، بۆنمونە: باسی نیگاری سەر تاشە بەردەکانی کوردستان کراوە، کە لەم بارەوە وتراوە: "لە چەند جێگەی سەختی کوردستانی عێراق لەسەر تاشەبەردی شاخەکانی نیگاری جۆراوجۆر نەخشێنراوە، هەندێ لەمانە کەم و زۆر بابەتیان لەسر نوسراوە، بەڵام تا ئێستا شوێنەوارناسی شارەزای کورد لێکۆڵینەوەیان نەکردوە و هەلومەرجی نائارامی سەدەی بیستەم زەمینەیەکی لەبارنەبوە، بۆ کاری پشکنین"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ١٥) ئەوەی بە ڕونی دیارە ئەوەیە ئەم بەردەنیگارانە بۆ خزمەتکردنی ڕەهەندی مێژوییی سکراون، چونکە بە زۆری قسە لەسەر نوسراوی سەر نیگارەکان کراوە، نەک لایەنی هونەرییان، بەڵام سەرەڕای ئەوەش نیگارەکان کارێکی هونەریین و وەکو بەشێک لە ئەدەب سەیردەکرێن، لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانرێت بوترێت ئەم کتێبە بەپێی بنەماکانی تیۆری مێژوی ئەدەب نوسراوەتەوە، بۆیە نیگارەکان وەکو بابەتێکی ئەدەبی هەژمارە دەکەین و مامەڵەی بابەتێکی ئەدەبیان لەگەڵدا دەکەین.

چەند بەردێکی نیگارین لەم کتێبەدا قسەیان لەسەر کراوە، بە تایبەت "لەناو بەردە نیگارینەکاندا، ئەوەی لێرەدا قسەی لەسەر دەکرێ نەخشەکەی دەربەندی گاوری شاخەکانی قەرەداخە بە ناوی (نارام سین)ەوە، ناوی دەرکردوە" (نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ١٥) سەرچاوە شوێنەوارناسیەکان نیگارەکەی دەربەندی گاوریان بە نارام سین ناساندوە، لەم کتێبەدا بەم شێوەیە باسی ئەم نیگارە کراوە: "کێلەکە نزیکەی دو مەترە و لە بەرد داتاشراوە، نارام سین خۆی کەوایەکی کورتی لەبەردایە، سنگی ڕوتە، تیروکەون و تەڵای پێیە، کڵاوێکی لەسەردایە، کە دو شاخی پێوەیە، ئەوەش بەپێی

لێکدانەوەی شوێنەوار ناسەکان، نیشانەی خوایاندن (تآلیە)ی نارام سین بوە"(نەوشیروان مستەفا، ۲۰۱۲: ۱۵) ئەوەی لەم لێکدانەوەشدا بەدیدەکرێت لێکدانەوەیەکی مێژوییە زیاتر نەک لێکدانەوەیەکی هونەری و ئەدەبی.

**٤. ٢. دەق تەوەری:** لە پێشەکی بەشی دوەمدا کە تایبەتە بە میزۆپۆتامیا دەڵێت: "ئەوەی من لێرەدا کردومە، وەرگێڕانی چەند لاوژە و بالۆرەیە، هەندێکی لە عەرەبی و هەندێکی لە ئینگلیزییەوە، ئەگەر یەکێ بەلایەوە سەیر بێ و بپرسێ من مەبەستم لەم کارە چی بوە؟ ئەڵێم مەبەستم ئەوەیە: سەرنجی کورد، بە تایبەت زانا ئەکادیمییەکانی، ڕابکێشم بۆ گەنجینەی ئەو کەلەپورە زۆرەی میزۆپۆتامیا، کە بەشێکی هی خۆیەتی و بەشێکی پەیوەندی بە مێژوی ڕابردوی ئەوەوە هەیە، پاشماوە و شوێنەوارە دێرینەکانی لە ناوچە شاخاویە سەختەکانی کوردستان دۆزراونەتەوە"(نەوشیروان مستەفا، ۲۰۱۲: ٦١) ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە لاوژە و بالۆرەکان جێگای بایەخی ئەم کتێبەن، چونکە ویستی ئەوەی هەبوە پەردە لەسەر بەشێک لە تارماییەکانی مێژوی ئەدەب و مێژوی کورد لەو قۆناغەدا لابدات و ڕونی بکاتەوە.

**٤. ٣. شێوازی نوسینەوە بەپێی قوتابخانە ئەدەبییەکان:** یەکێکی تر لە شێوازەکانی نوسینەوەی بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین نوسینەوەیە بەپێی پۆلێنکاری ئەدەبی نوسراوی کوردی، بۆ سێ قوتابخانەی ئەدەبی بەم شێوەیە: "شیعری نوسراو لە ئەدەبی کوردیدا لە ناو سێ لەهجەدا سەریهەڵداوە:

مەدرەسەی گۆران یا هەورامی

مەدرەسەی بابان یا کرمانجی خوارو

مەدرەسەی کرمانجی سەرو

هەر یەکێ لەم مەدرەسانە خاوەنی گەنجینەی ئەدەبی و سیمای تایبەتی خۆیەتی"(نەوشیروان مستەفا، ۲۰۱۲: ۲۳۰) ئەگەر سەرنج بدرێت لەم دەربڕینەدا ئەوە بە ڕونی دیارە، کە ئەدەبی نوسراوی کوردی پۆلێنکراوە بۆ سێ قوتابخانە و هەر یەکەشیان خاوەندی تایبەتمەندی ئەدەبی خۆیەتی. سەرباری ئەمەش لە قوتابخانەی گۆراندا بە جیا باس لە ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران کراوە، لەگەڵ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەگشتییەکانی قوتابخانەکە، هەوڵدراوە خەسڵەتە تایبەتییەکانیش بخرێتە رو، بەڵام لە قوتابخانەی باباندا تەنیا باسی سالم کراوە.

**٤. ٤. شێوازی نوسینەوە بەپێی باڵادەستی خێزان و دەسەڵاتی سیاسی:** لە نێو مێژونوسانی ئەدەبدا زۆر باو و ئاساییە، کە فۆرم و چوارچێوەی زەمەنی لە قۆناغەکانی مێژوی گشتی و سیاسیدا وەربگیرێت(ناصر قلی، ۱۳۹۲: ۸۹ – ۱۰۸) بۆیە ئەگەر سەرنج بدرێت دەبینرێت: شێوازێکی تری نوسینەوەی بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین پەنابردنە بۆ سەردەمی باڵادەستی خێزان یان دەسەڵاتی سیاسی و ڕوداوە مێژوییەکان. هەروەک دیارە هەوڵدراوە وێستگەکانی ژیانی خانی قوبادی لەگەڵ سەردەمی فەرمانڕەوایی میرانی ئەردەڵان و ئەو قۆناغە مێژوییەی تێیدا ژیاوە گرێ بدات و هەندێ لایەن و بابەتی لێڵ لەو گۆشەنیگایەوە ڕونبکاتەوە، هەر وەکو دەڵێت: "ئەو سەردەمانەی خانا داستانەکانی تێدا هۆنیوەتەوە هاو زەمانی قۆناغێکی نا ئارامی مێژوی ئێرانە ... لەو ماوەیەدا والییەکانی ئەردەڵان چەندین جار گۆڕاون، دانراون و لابراون، کوژراون و لە کوردستان دورخراونەتەوە ... خانا ئەبێ لەو ڕۆژگارە نا ئارام و لەو هەلومەرجە نالەبارەدا لەکوێ نیشتەجێ بوبێ؟ سەرەڕای ئەو هەمو پەشێویان توانیویەتی، سامانێکی ئەدەبی گەورە پێکەوە بنێ و کەڵەکە بکات و بە میرات بە جێی بهێڵێت"(نەوشیروان مستەفا، ۲۰۱۲: ۲٦۰) ئەو شێوازەش وادەکات هەر شاعیرە و خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەدەبی و زمانی هزری خۆی بێت، بەڵام ئەوەی نابێت لێرەدا لەیاد بکرێت ئەوەیە وێڕای ئەوەی ئەم کتێبە پشتیبەم شێوازە بەستوە خانای تەنیا لە ناو شاعیرانی قوتابخانەی گۆراندا جێکردوەتەوە.

**٤. ٥. شێوازی نوسینەوە بەپێی ژانرە ئەدەبییەکان:** ئەم کتێبە وەک ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، کە بۆچی لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا شێوازی پۆلێنکاری بەپێی ژانرە ئەدەبییەکان نەنوسیوەتەوە؟ کە لە وەڵامدا دەڵێت: "لەو سەردەمەدا ئەدەبی کوردی تا ئێستا، جگە لە شیعر، هیچ دەقێکی پەخشانی نوسراو ... لەبەر دەستدا نییە"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٢٢٧) ئەو دەربڕینە ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، کە ناڕاستەوخۆ بڵێت ئاگاداری ئەو شێوازەش هەم، کە دەکرێت مێژوی ئەدەب بەپێی دابەشکاری ژانرە ئەدەبییەکان پۆلێنبکرێت و بنوسرێتەوە، بەڵام بە هۆی نەبونی ژانری ئەدەبی جۆراوجۆر لە ئەدەبی نوسراوی کوردیدا ئەم شێوازە پەیڕەو نەکراوە. کەواتە لەبەرئەوەی چەند شێوازێک پەیڕەوکراوە وەکو: (دەق و نیگار) تەوەری، سەردەمی باڵادەستی خێزان یان دەسەڵاتی سیاسی و ڕوداوە مێژوییەکان، شێوازی نوسینەوە بەپێی ناوەرۆک، شێوازی نوسینەوە بەپێی دابەشکاری قوتابخانە ئەدەبییەکان، لە نوسینەوەی بەدەم ڕێگاوە گوڵچنیندا پەیڕەوکراوە، بۆیە دەکرێت وەکو مێژوی ئەدەبی گشتی سەیربکرێت.

**٥. مێژوی ئەدەب و بەراوردی ئەدەبی:** لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا پێویستە بەراوردی ئەدەبی فەرامۆش نەکرێت، چونکە "ئەدەبی بەراوردکاری لە تێکەڵی و بەیەکگەیشتنی ئەدەبی لە نێوان زمانە جیاوازەکان و پەیوەندی ئاڵۆزی ئەو تێکەڵییە لە ڕابردو و ئێستادا و پەیوەندییە مێژوییەکەی لە ڕوی کاریگەری و کارتێکەری لە نێوان جۆرەکانی هونەر، قوتابخانە ئەدەبییەکان، ڕەوتەهزرییەکان، دەکۆڵێتەوە"(محمد عەبدولسەلام، ٢٠١١: ٩) بێجگە لەوەش هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەرهەمی بیر و زەینی مرۆڤێکە و هەمو بەرهەمێکی ئەدەبیش وەکو هەر مرۆڤێک کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی ئەدەبی بەهۆی کارتێکردن و کاریگەربونەوە بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی هاوبەشە لەگەڵ بەرهەمە ئەدەبییەکانی تردا(احمد خاتمی، ١٤٩١: ٤٣) لەبەرئەوە پێویستە لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا مێژونوس بە چاوێکی پڕ بایەخەوە بڕوانێتە کارتێکردنی ئەدەبی.

لەو گۆشەنیگایەوە، کە ئەدەبی بەراوردکاری ڕۆڵێکی گرنگ لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا دەگێڕێت و سیمایەکی بابەتیش بە کارەکە دەبەخشێ، چونکە "مێژوی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک لە ڕوانینی گشتیدا ئەگەر بێت و وەکوکارێکی زانستی و بابەتی چاوی لێبکرێت، ئەوا دەبێت خۆی بخاتە ناو کاروانی ڕەوتی گەشەسەندنی ئەدەبی جیهانی و هاوکات لەگەڵ سەرنج خستنە سەر تایبەتمەندییە تایبەت بە خۆکان، سەرنجیش بخاتە سەر ڕایەڵەکانی پێوەندی نێوان ئەدەبەکان و ڕەوتی کاریگەریی و کارتێکەری ئەدەبی، ئەمەیە، کە دەتوانێ مێژویەکی بابەتی و مرۆیمان پێشکەش بکات"(هەژار ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٧٤) کەواتە پیویستە مێژوی ئەدەب بە شێوەیەکی بابەتی و هەمەلایانە لە بواری ئەدەبی بەراوردکاریدا کاربکات و جۆری پەیوەندی ئەدەبی نەتەوەیی لەگەڵ ئەدەبی نەتەوەکانی تر دەستنیشان بکات، ئەوەش ڕونبکاتەوە، کە ئەو پەیوەندیانە چ ڕۆڵێکیان هەبوە لە بەرەوپێشچونی ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبی نەتەوەیی چی بەخشیوە بە ئەدەبی نەتەوەکانی تر و چۆن ئەم پەیوەندیانە کاریگەرییان هەبوە لەسەر ڕەوتی گەشەسەندنی ئەدەبیاتی نەتەوەیی و جیهانی.

## بەراوردی ئەدەبی و بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین

**٥. ١. گێڕانەوەی مێژوی کارتێکردنی ئەدەبی کوردی بۆ ئەدەبی سەردەمی تاتەقوڕینەکانی میزۆپۆتانیا:** ئەم کتێبە مێژوی بەراوردی ئەدەبی کوردی دەگێڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئەدەبیاتی نوسراوی جیهانی و تاتەقوڕینەکانی میزۆپۆتامیا، کە لەو قۆناغەدا هیچ بەرهەمێکی نوسراوی کوردی دەستنیشان نەکراوە، کە لەم بارەوە نوسراو: "کوردستان لایەکی زاگرۆسە و لایەکی میزۆپۆتامیایە، لە لایەکەوە کورد بەشدار بوە لە شارستانییەتی ئەم دو دەڤەرەدا و لە لایەکی تریشەوە شارستانییەتی ئەوانیش کاریان لەم کردوە، لە کاتێکدا کورد، کەم و زۆر ئاگای لە ئەدەبی زاگرۆس و ئێرانە"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢:

٥٩) ئەم کتێبە لەم ڕوانگەیەوە باسی کاریگەری و کارتێکردنی ئەدەبی دەکات لەو قۆناغەدا، کە ئەدەبیاتی ئەوکات بەرهەمی سەرجەم نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە بوە و کوردیش یەکێک بوە لە نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە و ئەویش ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەبوە لە بنیادنانی ئەو ئەدەبیاتە.

**٥. ٢. کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی لەسەر ئەدەبیاتی قوتابخانەی بابان:** دەربارەی ئەدەبیاتی شاعیرانی قوتابخانی بابان بەم شێوەیە نوسراوە: "شاعیرانی ئەم مەدرەسەیە جگە لەوەی فێری فارسی بون بۆ خوێندنەوەی سەرچاوە ئەدەبییەکانی زمانی فارسی، خۆیشیان بە زمانی فارسی شیعریان داناوە و هەوڵیان داوە بەشێک لە دیوانەکانیان بە فارسی بێ ... سالم دەیان شیعری کوردی خۆی تێکهەڵکێشی شیعری فارسی حافز کردوە. لە شیعرەکانی دا ئاماژە بە سەعدی و حافز و حەکیمی ڕۆمی ئەدا. کوردی درێژترین شیعری، کە تەرجیع بەندە بە زمانی فارسی داناوە. ئەویش لە شیعرێکی دا ناوی شاعیرە گەورەکانی ئێران ئەبا... نالی بۆ خوێندن چۆتە سنە، سەردانی شام و مەککە و مەدینەی کردوە، ئەگەرچی سەرەنجام لە ئەستەمبوڵ گیرساوەتەوە، بەڵام لە ژێر کاریگەری زمان و ئەدەبی فارسی ڕزگاری نەبوە... بۆیە شتێکی ئاساییە ئەدەبی بابان لە ژێر کاریگەری ئەدەبی بەهێزی فارسیدا بوبێ و هەرچی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە مێژوی ئەدەبی کوردیدا بکرێ بە دابڕاوی لە مێژوی ئەدەبی فارسی ناتەواو ئەبێ"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٤٤٥) ئەدەبی فارسی وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی بەراوردی ئەدەبی و کارتێکەری ئەدەبی کوردی لە قەڵەم دراوە، ئەوەش بە پشت بەستن بەو نمونانەی، کە ئاماژەیان بۆکراوە لە ڕابەرانی قوتابخانەی بابان.

**٥. ٣. کارتێکردنی خۆبەخۆی شاعیرانی کورد:** دەربارەی شیوەنەکەی کۆماسی و قەسیدەیەکی تالعی باس لە کاریگەر بون و کارتێکردن لە نێوان تالعی و ئەحمەد بەگی کۆماسی دا کراوە، ئەمەش بەراوردکردنی بەرهەمی دو شاعیری کوردە و شێوازێکی نوێ و جیاوازی بەراوردی ئەدەبییە، کە لەم بارەوە وتراوە: "ئەم قەسیدەیە لە داڕشتنی شێوە و ناوەرۆکی دەسپێک و کۆتاییەکەی لەیەک ئەچن. تەنانەت ڕستەی (من جەتۆ جیا) کە لە ققەسیدەکەی ئەحمەد بەگدا هاتوە، سەرەتای شیعرێکی تری تالع یە. لێرەدا گرنگە بزانرێ ئەم شیوەنە بیرۆکەی کامیان بوە؟ کامیان لە پێش کامیان هۆنیویەتییەوە؟ کامیان لاسایی ئەوی تری کردۆتەوە؟ لەبەرئەوەی سەردەمی ژیانی هیچ کامیان بە دیاریکراوی نازانرێ، ڕەنگە بێ مشتومڕ نەکرێ ئەو بڕیارە بدرێ"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٣٨٥) ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئاماژە بە لێکچونی بەرهەمی دو داستاننوس کراوە، بەڵام پەیوەندی مێژویی نێوان ئەم دو نوسەرە ساغنەکراوەتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە هەردوکیان سەر بەیەک زمان و نەتەوەن، کە بەپێی قوتابخانیە بەراوردی ئەدەبی فەڕەنسی ناچێتە خانەی بەراوردی ئەدەبییەوە.

**٥. ٤. دزی ئەدەبی یان وەرگێڕان:** دەربارەی داستانی (مەنیجە و بێژەن) ئەوە خراوەتەڕو: "داستانی مەنیجە و بێژەنی لە شاهنامەی فیردەوسییەوە وەرگێرتوە و بە دەستکارییەکی کەمەوە کردویەتی بە کوردی"(نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢: ٣٨٧) لەو ڕوانگەیەوە، کە ئاماژە بە بەرهەمی شیعری دو شاعیر لە دو زمانی جیاواز کراوە، بابەتەکە تا ئێرە هیچ گرفتێکی نییە، بەڵام مادام باسی ئەوە کراوە، کە بە دەستکاریەوە وەرگێڕدراوە ناچێتە خانەی بەراوردی ئەدەبییەوە و دزی ئەدەبییە، ئەوەی لێرەدا گرنگە خستنەڕوی کاریگەری ئەدەبی فارسییە لەسەر ئەدەبی کوردی.

تا کۆتایی ئەم بابەتە ئەوە ڕون بوەوە، کە بە شێوەیەکی بەربڵاو کارتێکردنی ئەدەبی بێگانە لە بەرهەمی شاعیرانی کورددا دەستنیشان کراوە و هە ندێکیشیان بەراورد کراون و خاڵە لێکچو و جیاوازەکانیشیان دەستنیشان کراوە، تەنانەت ئەم کتێبە بەپێی هەر لێکۆڵینەوەیەک لە ئەدەبی کوردیدا ئەنجامبدرێت بە دابڕاوی لە ئەدەبی فارسی لێکۆڵینەوەیەکی ناتەواو دەردەچێت.

ئەنجام

١ . گرنگترین ئەنجامی بەدەستهاتو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەوەی، کە زۆربەی ئەو هەنگاوانەی گیراونەبەر لە نوسینەوەی کتێبی (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین) و ناوەرۆکەکەیدا، بەپێی تیۆرەکانی نوسینەوەی مێژوی ئەدەب ئەنجامدراون، بەڵام لە هیچ جێگایەکی ئەم کتێبەدا باسی تیۆری نوسینەوەی مێژوی ئەدەب نەکراوە.

٢. یەکێک لە گرفتەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە بۆ مێژوی ئەدەب.

٣. بەشێوەیەکی ئاڵۆز لە سەرەتای ئەدەبی نوسراوی کوردی ڕوانیوە و پێیوایە دەگەڕێتەوە بۆ تاتە قورینەکانی میزۆپۆتامیا و ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە بابا تاهیر بە سەرەتای ئەدەبیاتی نوسراوی کوردی دەستنیشان بکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە وتراوە تا ئێستا یەکەمین دەقی ئەدەبی نوسراوی کوردی دیار نییە.

٤. کتێبی بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین لە ڕوی جۆریی و چەندیی سەرچاوەوە پەیڕەوی بنەماکانی نوسینەوەی مێژوی ئەدەبی کردوە و پشتی بە سەرچاوەیەکی زۆر و جۆراوجۆر بەستوە.

٥. چەند شێوازێکی جۆراوجۆر لە نوسینەوەی بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین پەیڕەوکراوە، وەک: دەق و نیگار تەوەری، سەردەمی باڵادەستی خێزان و دەسەڵاتی سیاسی و ڕوداوە مێژوییەکان، شێوازی نوسینەوە بەپێی ناوەرۆک، شێوازی نوسینەوە بەپێی قوتابخانە ئەدەبییەکان، نوسینەوە بەپێی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، بۆیە دەکرێت شێوازی نوسینەوەی ئەم کتێبە وەکو شێوازی مێژوی ئەدەبی گشی لێیبڕوانرێت.

٦. ئەم کتێبە مێژوی بەراوردی ئەدەبی گێڕاوەتەوە بۆ سەردەمی تاتە قورینەکانی گلگامێش و باسی کاریگەری و کارتێکردنی ئەدەبی بێگانەی کراوە لەسەر شاعیرانی کوردی، بەتایبەتی شاعیرانی فارسی، تەنانەت زۆر بە ڕەهایی وتراوە هەر لێکۆڵینەوەیەک لە ئەدەبی کوردیدا بکرێت بە دابڕاوی لە ئەدەبی فارسی لێکۆڵینەوەیەکی ناتەواو دەردەچێت. هەروەها باسی کارتێکردنی خۆبەخۆی شاعیرانی کوردیش کراوە، هەرچەندە زۆربەی قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبی ئەمە ڕەتدەکەنەوە، کە کارتێککردنی دو شاعیری هاو زمان بچێتە خانەی بەراوردی ئەدەبییەوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا باسی دزی ئەدەبیش کراوە.

- ڕاسپاردە

- پێشنیار دەکەین لێکۆڵەرانی مێژوی ئەدەبی کوردی، درێژە بەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بدەن، چونکە لە ئەدەبی کوردیدا چەندین کتێبی ترمان هەن، کە ناونیشانەکەیان مێژوی ئەدەبی کوردی نییە، بەڵام لە بنەڕەتدا بە ئامانجی نوسینەوەی مێژوی ئەدەبی کوردی نوسراون، بەم شێوەیە دەتوانرێت ڕۆشنایی بخرێتە سەر چەندین کونجی تاریکی مێژوی ئەدەبی کوردی و خوێنەر پێی ئاشنادەبێت.

- پێشنیار دەکەین حکومەتی هەرێم و لایەنی پەیوەندیدار چەند کەسێکی شارەزا و پسپۆڕی کورد لە بواری شوێنەوارناسیدا ئامادەبکات بۆ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی بەردەنیگارینەکانی سەر تاشەبەردەکانی کوردستان و داستانی گلگامێش و مێژوی میزۆپۆتامیا بەگشتی، چونکە پێویستە بۆ سەرەتای مێژو و مێژوی ئەدەبی کوردی بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرچاوانە، کە تا ئێستا پەراوێزخراون و لێکۆڵەرانی پسپۆڕ و شارەزای کورد لێکۆڵینەوەیەکی یەکلاکەرەوەیان لەم بوارەدا ئەنجام نەداوە، هەروەها ئەوەی باسیشی دەکەن لە لێکۆڵینەوەی نەیارانی کورد یان ڕۆژئاواییەکان وەرگیراوە، کە ئەمەش هیچ خزمەتێک بە مێژوی ئەدەبی کوردی ناکات.

- گێڕانەوەی ئەو دەستنوسانەی لە ئەرشیفخانەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ڕوسیا و وڵاتانی تری دنیادا هەڵگیراون، بە ئامانجی ئەوەی لێکۆڵەران بە ئاسانی دەستیان پێی بگات و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن.

## لیستی سەرچاوەکان

ئەمین، نەوشیروان مستەفا (٢٠١٢)، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، بەرگ١، چ١، الدار العربیة للعلوم – ناشرون، بیروت – لبنان.

کەفافی، د. محمد عەبدولسەلام (٢٠١١)، ئەدەبی بەراوردکاری، و. هەژار ڕەحیمی، دەزگای موکریانی، هەولێر.

عبدالغفور، هەژار ئەحمەد (٢٠١٣)، ڕوانینێکی ڕەخنەیی لەسەر نوسینەوەی مێژوی ئەدەبی کوردی (نامەی دکتۆرا)، زانکۆی سلێمانی.

عومەر، موحسین ئەحمەد (پایزی٢٠١٩)، ئەزمونی مێژونوسی ئەدەبی کوردی، گۆڤاری توێژەر، بەرگ٢، ژ٤، سۆران.

ذوالفقاری، د. حسین (١٣٨٥تابستان و پاییز)، نگاهی به تاریخ ادبیات، نامه علوم انسانی.

زرین کوب، د. عبد الحسین (١٣٨٩)، نقد ادبی، جلد ١- ٢، امیر کبیر، چ٩، تهران.

فتوحی، د. محمود (١٣٨٧)، نظریه تاریخ ادبیات، انتشارات سخن، تهران.

پور، سعید حسام، مهری مساعد (١٤٠٠)، نقد و مایسه شیوه تاریخ ادبیات نیگاری دو کتاب تاریخ و تحول ادبیات جدید ایران و پایه گذاران نثر جدید فارسی، ماه نامه علمی (مقاله علمی – پژوهشی)، سال ٢١، شماره ٩، آذر ١٤٠٠.

خاتمی، احمد (١٤٩١)، تاریخ ادبیات و دانش های دیگر، مجله تاریخ ادبیات، شماره ١٧/٣، ٩١/٧/٨.

سارلی، ناصر قلی (١٣٩٢)، رویکردها و شیوەهای دورەبندی در تاریخ ادبی، فنون ادبی (علمی – پژوهشی)، دانشگاه اصفهان، سال پنجم، شماره٢، پیاپی٩، پایز و زمستان ١٣٩٢، ص ٨٩ – ١٠٨.

سارلی، ناصر قلی (١٣٩٢)، نقد و بازاندیشی دورەبندی در تاریخ ادبی، فصلنامه علمی – پژوهشی نقد ادبی.

سمیعی، احمد (؟)، نامه فرهنگستان (٤/١٠)، گزارش آرء گوستاو لانسون درباره روش تاریخ نگاری.

سلطانی، د. منظر (١٣٨٠بهار)، برسی تذکرها و تاریخ ادبیات فارسی از ١٣٥٨ ... هتد، مجلة دانشکده ادبیات علوم انسانی، دانشگاه تهران.

سیدی، دکتر سید حسین (٢٠١٠)، تحلیل انتقادی تاریخ ادبیات نگاری، مجلەی انجمن ایرانی زبان و ادبیات عربی، علمی – پژوهشی، شماره ١٤، بهار ١٣٨٩ هش ٢٠١٠م.